# هیچ زەکاتێک لەسەر مسوڵمان نییە لە خزمەتکارەکەی وئەسپەکەیدا

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هیچ زەکاتێک لەسەر مسوڵمان نییە لە خزمەتکارەکەی* وئەسپەکەیدا». ولە گێڕانەوەیەکدا: «جگە لە زەکاتی سەرفیترە نەبێت ( کە واجبە) بدرێت (لە جیاتی) بەندەکە». *(خزمەتکارەکەی: مەبەست کۆیلە وبەندەیە کە لەو سەردەمەدا دەکڕان ودەبوون بە موڵکی ئەو کەسەی دەیانکڕێت)
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

زەکات لەسەر بنەمای یەکسانی ودادپەروەری بنیات نراوە، بۆیە خوای گەورە واجبی کردووە کە زەکات بدرێت لەو سامانانەی کە گەشە دەکەن وئەوەی دێتە دەرەوەی زەوی وهەروەها لە شتومەکی دانراو بۆ بازرگانی بە ڕێژە ومەرجی تایبەتی خۆی. بەڵام ئەو سامانانەی کە گەشە ناکەن -کە بەکاردێن- زەکاتیان لێ نادرێت چونکە مسوڵمان بۆ خۆی بەکاریدەهێنێت وەکو ئەو شتانەی سواری دەبێت بۆ هاتوچۆ وەکو وشتر وئەسپ وئۆتۆمبێل وهەروەها ئەو کەسانەی بۆ خزمەتکردن کڕیویانیەتی وەکو کۆیلە وخزمەتکار، و بەهەمان شێوە ڕاخەر ودەفر وهەموو ئەو شتانەی بەکاریدەهێنێت. بەڵام لە زەکاتی سەرفیترەدا دەبێت لەجیاتی خزمەتکار (کۆیلە:بەندە) بدرێت ئەگەرچیش بۆ بازرگانی بەکار نایەت، چونکە زەکاتی سەرفیترە پەیوەستە بە لاشەوە نەک بە سامانەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4519